## بەیتی شێروکەڵ

ئەڵێن: خواڵی خوشبو (کاک ئەحمەد هەڵوا) بۆ فرۆتنی ترێ دەچێتە ئاوای یەکانی (دەلمە) و (گوێگجەلی (ئەم دو دێیە نزیکی سەدی (نەورۆزلوی - برایما بادو دەڵمە - چۆمی جەغەتو)ن کاک «ئەحمەد هەڵوا» لە وێ چاوی بە نەخشی (کەڵ و شێرێک لە سەر بەرگێ هەڵکەندراو ئەکەوێ کە ساڵەهای ساڵە لە ڕوی بەردێک هەڵکەندراوە.کاک ئەحمەد هێندێک سرنجی ئەو نەخشەیە ئەدات و ئەکەوێتە نێو گۆمی بیرو خەیاڵەوە؛لە پاشان هەر لەوێ بەسەر هاتێک کە لەبارەی ئەو بەردە هەڵکەندراوە'بیستبوی هەڵیدە بەستێ بەبەیت و لە بەر ئەوە خۆی نەخوێندەوار ئەبێ بە هاوریەکی خوێندەواری خۆی گوتوە: بۆی بنوسێتەوە ئەڵێن: ئەو بەردە هێشتا لەوشوێنەدا ماوە و لە کەوشن و هەرێمی گوندی «گوێگجەلی» دایە. خەڵکی لایان وایە ئەم بەردە هەڵکەنراوە یەکێکە لە شوێنەوارە هونەریەکانی ڕۆژگاری «هلاکۆخانِ مغول» و ئەم بیروڕایەش لە ڕاست ئەچێ،چونکە جێگەی ئەو بەردە هەڵکەنراوە لە شاری «مەراغا» «کەپێتەختی مغول» بوە زۆر دورنییە، ئەم بەردە لەدەم چالاًیی کارێز ئاوێکا دانراوە و لەو نێزیکانەیشدا ئاوایی یەک هەیە نێوی: (دەڵمە)یە،دڵمە واژە یەکی «ترکی» یەو بەمانای کونو چالاًیی یە. شیاوی زانینە: ئەم دوئاواییە، ئێستا کەوتونەتە، ژێر ئاوی سەدو بەر بەندی نەورۆزلو بەلاًم لە

بڵیندایی کە ناری ئەو بەربەندەدا دو ئاوایی تازەی تریان هەر بەو نێوانە: «گوێگجەلی» و «دلمە» دروس کردوەو خەڵکە کە گۆیستویانەتەوە نێو ئەو دو گوندە تازانە.

## روداوی بەیتەکە

لە چریکەی: «کەڵو شێرا: لە کوردەواریدا بەنێری گامیش دەڵێن: (کەڵ) هەروەک پێیشی دەڵێن کەڵ گامیش.کەڵ لە کوردیدا بەواتای زل ونێرهاتوە، وەک کەڵەبەرد کەڵە کێوی، کەڵ لەم بیتەدا نیشاندەری ئاژەڵێکی زیانی خورۆوغلورەو لەجەنگو شەڕی «شێرا» لە ناو ئەچێ.

شیاوی زانین ئەمەیە لە کوردەواریدا بەیتی جۆر بە جۆر زۆربون بە لاًم لەنێو چون، نێوی هێندێ

لە بەیتە کوردی یەکان ئەمانەن:[١] لاس و خەزاڵ،ناصرو ماڵ ماڵ، ئاورە حمان پاشای بەبە - وەسمان پاشای بەبە - لەشکری - ئەسپی ڕەش - شێخ فەرخۆ و ئەستێ - شێخ مەندو شێخ ڕەش،شەم و شەمزین، پیریونس، شریفە - (سلّطان احمد) بێناری - خوازونەبی - خوازو نەعمان - ئەرکان - ئیمامی حەمزە - محمد حنیفە - ترکان،گوڵنازو کەلاش - بەگلەربەگی - بەیتی جولەکان - کاکە میروکاکە شێخ - برایموک - شێخ عبیداللە و بەیتی مەلا خەلیل - بەیتی حەمەرەشیدخان، سەیدەوان و مەلکەوان و بەسەدان بەیتی تریش -

---

١ - خەزاڵ لەهۆزو بەرەی گەورکانە بەلام لاس کە لەکێهە عەشیرەتە هێمان رون نەبۆتەوە، گەورک هۆزە کوردێکی بە ناوبانگە کە ئەمرۆ لە ناوسنوری کوردستانی ئێران و عیراقا ئەژین ئەم هۆزە لە سەرەتادا بەکۆچەری ژیاون مێژونوسەکان ئەبێژن: جێگای هەوارگەی ئەوگەورکانە لەنێزیکی هەمەدان بووە،کاتێ گەرمیان و کوێستانیان کردوە هاوینان چونەتە نێزیک هەمەدان وئێستاشارێک بەناوی ئەوهۆزە کە (جورقانە)ی پێ ئەڵێن هە یە،کە گۆڕاوەی (گەورکان)ە کە عەرەبەکان بە: جورکان یا جورقان خوێندویانەتەوە خاوەنی: موعجە مولبولدان ئەبێژێ: گەورکەکان هۆزگەلێکی کوردن. کە لەدەورو بەری حەلوان نیشتە جێن وگوندێکیش بەناوی ئەوان لای شاری هەمەدان هەیە. (ئەبولفیدای ئەییوبی) ش لە کتێبی (تەقویبولبولدان)داکە وەرگەراوەتە سەرزمانی فارسی لەرو پەری ٤٨٣ دا ئەم شارەوا لە نێزیکی هەمە دانایە ناو ئەبات.

مەسعودی مێژونوسی ناوداریش لە کتێبی: مور وجوزهەبا) نوسیویەتی: گەورکەکان لەپێشا لەسەر ئایینی عیسا بون واتا: مەسیحی و پەیرەوی رچەی یەعقوبی بون،مەسیحی سێ رچەیان هەبووە. ١ - مەلکانی. ٢ - نەستوری. ٣ - یەعقوبی. وەئەم کوزانە لەفێرگەی ئەسکەندەرییەی کۆنا سازبون و بونەباو، بەم جۆرە رون ئەبێتەوە کە: هۆزی گەورک لەبنەرەتا لەسردینی عیساو رچەی یەعقوبی بون جادوای داهاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بونەموسڵمان. واژەی گەورک لەواژەی گاورەوە دێ. دیارە ئەوانەی وا بەرچەی عیسادا ئەرون پیان ئەڵێن: گاور بەلام گەبر لەفارسیدا بەمانای مەجوسە. وەک: شێخی سەعدی شیرازی یان باشتربڵێن سەعدیگری لە گولستانائەڵێ: گەبرو تەرسا وەزیفە خورداری دیارە مەجوس گورراوەی موغە = مادە کەخودایش لە قورئانائەفەرمێ: النّصاری والمجوس سورەی حەج ئایەی ١٧ واتا: موغە مادەکان و گاورەکان. دوکتور فریجی ئالمانی لە کتێبەکەی خوێداکە لەبارەی کوردەوە دایی ناوە و کراوەتە تورکی لە روپەرەی ٣٥ دائە بێژێ: جۆزەکان یاگەورکان هۆزێکی کوردن لەدەورو بەری هەمەدان،ئەوهۆزە لە چاخی فەرمانرەوایی حەسەن وەیهی کوردا زۆر خاوەن وزەو بەهێزبون.

کاتێک ئەمیربەدرکوریی حەسەن وێهی لە ساڵی ٤٠٥ کۆچییا شاڵاوی کردە سەرحوسەینی کوری مەسعودی سەربەبنە ماڵەی ئالی بۆیە و لە قەڵای کۆسە جدا گەماروی دا کوردە گەورکەکان بەفریای گەییشتنو رزگاریان کرد. مینۆرسکی رۆژ هەلات ناسی مەزن باوەری وایە: ئەو قەلای کۆسەجە ئەبێ هەرکوسەی هەجییج بێ لەهەو رامانا کە کورد سوێندی پێ ئەخوا و ئەڵێن: بەکوسەی هجیج نەمبردوە ناوت. - هەرچەن ئەوبراکوردانە ئەمرۆلەشاری جورقان کەلەسەرە تادا مەسیحی بون لەنێزیکی هەمەدان نەماون.

بەلام ئەتوانین بێژین: ئەو: ناوە یادگاری لە هۆزی گەورەی گەورکە وەئەمرۆ لە نێوان شاری سەقزو مهاباد و بۆکان و سەردەشت و بەشێکی زۆر لەکوردستانی گەرمیانا ئەژین و وازیشیان لەکۆچەری هێناوە و نیشتە جێبون (شە پۆل).

## چەند بەیت و باوی ناوکوردەواری

بەیتی کەڵ و شێر لەلایەن ئەحمەد هەڵواوە بەشیعر وتراوە، ئەحمەد هەڵوا لەسەرەتاوە پەسنی خوادەدات و ئەڵێ:

### بەیتی شێروکەڵ :

ئەی پادشای کەریم ئەی پادشای کەریم      بەناوت قەسەم رەحمان و رەحیم
پادشای عەداڵەت قییم و موقییم      بۆگوناه باران غەفورو رەحیم
ڕۆژێ ڕوانیمە ڕۆژنامەی قەدیم      سورەی کۆنەسار بەچاوی خۆم دیم
وەختێ کەدیتم سورەی کۆنە ساڵ      لە دڵدا کردم زۆر فیکرو خیاڵ
سەوادم نەبو بە حوکمی کە ماڵ      سەنەم خوێندەوە حەوسەدوسی ساڵ
یەکێ کەڵی مەیدان بەورو نەرە شێر      تەردەستو ئازا دڕندەو دلێر

ئێستاکاک ئەحمەد لە پاش ئەوە لە تاریفی خوا ئەبێتەوە لەگەڵ شێرە کە ئەکەوێتە وت و وێژو ئەڵێ:

ئەی شێرپێم بڵێ بە دڵ نەوازی      ئە توچی و کەڵ چی بوون بەهاوبازی
خاوەن زۆرو سام بە ڕویی جەنگەوە      ئێستا چدەکەن بە ڕوی سنگەوە
تۆ حەقی خودا پادشای جانەوەر      چتلێ ئەپرسم لە باس و خەبەر
جوابم بدەوە بەڕاست و یەقین      بۆچی لەگەڵ کەڵ بویە هاونشین
بەحوکمی ئەللاە خالقی کەژوکۆ      شێر هاتە جواب کردی گوفت و گۆ

جا ئێستا شێر بەم جۆرە: وەلامی کاک ئەحمەد ؛ ئەداتەوە ...

هۆبرام ئەحمەد ئەی پیاوی زانا      بێ شك بێ وێنەی تۆ لە جیهانا
ئەمن شێرێك بوم لە (پەتری پۆتی)      لە (قەزوێنێ) ڕابوم هاتن لۆتی
دەورەیان گرتم بەفێڵ و بەفەن      لە ملیان کردم دولایەی کەمەن
یەخسیریان کردم بەڕاوبە تەدبیر      خستیانە ئەستۆم دو ئاڵقەی زنجیر
منیان ئەگێڕا لە وڵات و شاران      فەسڵ بەفەسڵ پاییزوبەهاران
ساڵێکی هاتم هەوەڵ بەهاربو      دنیا هەمو سەوزێ پاك مێر خوزاربو

ئاو وسەوزایی هەرمێر خوزاربو    ئەو وەختە مندیم ئەم جێیەشاربو
شارێکی گەورە هەتا دیاربو    حەوشەو حەسارو بورج و تەلاربو
جێگەی پادشا بو ئێرە قەلاّبو    دەرك و پەنجەرەی یەکسەر تەلاّ بو
لۆتی نەیان کرد هیچ فیکر و خەیالّ    چونە بارەگای پاشای پڕ کەمالّ
پێشیان پیێ گرتن نەستەقچی و فەڕاش    ئیکرامیان کێشا و کشانەوە پاش
هەتاکو ئەو جار پاشای هەلاکۆ    لەگەلّ لۆتی‌یەکان کردی گوفت و گۆ

ئێستا پاشای هەلاکۆ رو ئەکاتە لۆتی‌یەکانو ئەلّیّ:

لەو چوارانەتان کامو چاترن؟    بۆ جادو کردن گەلێک شاترن

یەکێك لە لۆتی‌یەکان کەنێوی «ئەلیاس» ئەبێ لەجوابا ئەلّیّ:

بۆ سیحرو جادو ئەمن چاترم    لە قوبادو سێمان زۆر وریاترم

ئەمجارە پاشای هەلاکۆ ئەلّیّ:

ئەبێ سبەینێ بەزمێ وابگرن    لە تەشقی ئاسمان تەیران ڕاگرن
بەنالّەی دەهۆلّ جگەرکەن بە(ئاو)    بەچریکەی سەمتور دلّ کەن بەکەواو
کەلّێکم هەیە زالّو زۆر دارە    عالەمی خودای لە چنگ بێزارە
کەلّی مازانە نێوچاوان سپی    هەموسەر سامن لە هەیبەتی وی
ئەورۆ دڕنگە سبەی سەحەرزو    ئەو کەلّو شێرەی ئەکەین ڕوبەڕو

ئەلیاس لەوەلاّمی پاشای هەلاکۆدا ئەلّیّ:

قوربان بەچاوان شێری ناوجەنگەلّ    سبەینێ بەشەڕ ئەدەین لەگەلّ کەلّ
دیکەینە بەزمی ئاغاو بەگەلەران    تابێن بۆ سەیران لەسەر پەنجەران

یەکێکی دیکە لە لۆتی‌یەکان کەنێوی قوباد بو ئەلّیّ:

دیکەینە بەزمی بەگەلەرو خانان    خانم سەیر پکەن لە بالّە خانان

۸۹ - شەپۆڵ

یەکێکی دیکە لە لۆتی یەکان بەنێوی (ناصر) ئەڵێ:

ئـەیکەینە بـەزمی بـەگـڵەرو مـیران وەکیلان سـەیر کـەن لەگـەڵ وەزیـران
وەکـــیلو وەزیـــر نـــایب و پـــاشا تـــێکرا هەمویـــان بـــێنە تەمـــاشا
تـەگـبیر کـەکـراو قسـە تـەواوبـون شـەو بـەسەردا هـات لۆتـی ستـاربون
ســبەینێیکی زوکـــاڵە ســـەحەری ئـــاراســـتەکـرا مـەیدان یـەك سـەری

لە پاش ئەوەی بارەگاو مەیدانیان ڕازاندەوەو دەشت و دەریان ئاو پرژێن کرد شاو میرو وەزیرو نایب و وەکیل و پیاوە مەزن و نێودارەکان لە شۆێنی تایبەت ڕاوەستان و دانیشتن ئینجا پۆل پۆل کچ و کوڕو لاوو پیرو خانم و خاتون و هەمو ئافرەتان و خەڵکی نێوشارو ئاوایی یەکانی دەوروبەری خڕبونەوە و هاتنە تەماشا، ئەلیاس و سێمان واتە: (سلیمان) و قوباد و ناصردەستیان کرد بەلێدانی دەهۆڵ و زۆرنا، یەك لە یەك چاتریان لێ ئەدا و بە تەقەی دەهۆڵ و زۆرنا ویستیان کەڵ بەرەو مەیدان بێنن بەلاّم لەترسان کەڵەکە یان کۆت و زنجیر کرا بـو و بەردێکی گەورەیان بەزنجیر بە دەست و پیی کەڵەکەوە بەستبو.کەڵ بەم هەرا و هوریایە ئەونەی دیکەشێت بوبوو گیفرگی لەخۆی ئەداو پەت و زنجیری پساند.کاك ئـەحمەد ئـەم شـانۆیە بەهەڵبەست ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ:

بـــەدەنگی زۆرنـــاو کەرەنـــاو دەهـــۆڵ کـــۆتی پســـاندو بـــەردی کـرد بـەخۆڵ
عـــەسکر تـــوراڵـــدی دەپـیکی شـەیپور کـــۆس و کەرەنـــاو دەهـــۆڵ و ســەمتور
حـەشیمەت بـزوت وەك لەشکـری ڕۆم هـــەرلەئەستەنبوڵ هەتـــا ئـــەرزەڕۆم
لەمـــەیدانـــێ دا کەشـــان دەرکەشـــان تـــێك رادەخـــوڕین وا بـــە هەرەشـــان
هـــیچ پـــاڵەوان و هـــیچ ساحیب قـڕان نـــەبون بـــەوشێوە لە گـــۆشەی مـیدان
نەجهـــان بـــەخش ونـــە بـــرزوی زۆراو نەشای «کەی خەسرەو» نـە «ئـەفراسیـاو»
هـــەر شـــێر ئـــەیندرانـد کـەڵ دەیکـرد ســمکۆڵ لە مـــەیدانـێ دا ببوە بـوڵەبۆڵ
ئـــاورینگی دنیـــا بـــەهەرد و شـــاخان بـــەقین ڕوی کـــردە شـــێر لەداخـــان

ئێستا کەڵ ڕو ئەکاتە شێرو پێی ئەڵێ:

نـــازانـــی کـــەڵم کـــەڵی کوتـــانێ    دەردێکت دەمـــێ عـــالەم بیـــزانـــێ

شێر لە کەڵ هاتە جواب و وتی:

ئـــەمن شـــێرێکی بەقـــاڕو بـــە قـــین    نـــاگـــەڕیمەوە بـــێ زام و بـــڕین

ئەمجارە کەڵ بەجنێو پرسیار لە شێر ئەکات و بەخۆیدا هەڵدەڵێی:

پـــێم بـــڵێ بـــزانـــم شـــێتی جـــەنگەڵی    چـــۆن ئـــەتۆ تـــوانیت هـــاتییە ڕوی کـــەڵی

کـــەڵێکم ئـــازاو کـــەڵی کۆتـــانم    چـــەند بـــورەو بەیـــار بەشاخ ڕوخـــانم

چـــەند کـــێوو شـــاخم بـــە شاخ دڕیـــوە    چـــەند کـــە نـــدەلاّم بـــە شـــان بـــڕیوە

چـــەندم بـــەنەغمە هـــەر زگ دڕیـــوە    نێوبـــانگی مـــنت چـــۆن نـــەزانـــیوە؟

شێر لە وەلاّما بەکەڵی وت: خۆت هەڵمەکێشە ...

خـــۆت هـــەڵ مـــەکێشە کەڵی نـــاحیساب    سینگت لەت ئەکـەم بـە بیوری قەساب

جگـــەرت ئـــەدەم لە شـــیشی کەبـــاب    تـــا لوّتـــی بیخۆن بـــۆ مـــەزەی شـــەراب

وەختـــابو لیـــێ دەن تـــەپڵی بـــازگەشتی    شـــێر فـــێڵەزان بـــو هـــاتە تـــەنیشتی

خـــۆی هـــەلاّویشتو کـــەوتە ســـەر پشـــتی    کەڵ وەســـیەتی کـــرد بـــۆقەوم و گشـــتی

شێر هەناسەی لە کەڵ چنی و پیێ وت:

مـــاڵت وێـــران بـــو ڕۆژت بـــڕاوە    لە دنیـــای ڕوشـــن چـــرات کـــوژاوە

شێر چنگی لە شلکەی ڕانو دەفەی شانی کەڵ قاییم کرد و ڕێکی گوشی و ئێسکو پلوسکی تێک شکاندو مەیدان بە خۆینی کەڵ ڕەنگاو بو بە هەلاّو هوریاو چەپڵە ڕێزان وشای هەلاکۆیش ڕویی کردە شێرو پێی وت:

چـــاکت کـــرد کـــوشتت زەرەری داوە    لە ســـایەی ســـەرت عـــالەم حەســـاوە

جاکاک ئەحمەد هەڵوا لەدواییدا ئەڵێ:

ئـــافرین ئـــەحمەد لە گـــەڵ کە مـــاڵت    خـــودا بـــەرەکـــەت بـــاوێنە مـــاڵت

دڵـــیشت هـــەروا خـــاوێن و پـــاک بـــێ    لە گەڵ گۆی دێران چـــرات ڕونـــاک بـــێ.

٩١ -شه پۆل

# کەلامی حەج و سیامەند

کەلامی خەج‌و سیامەند: باش دەزانین کە بەیت شوێنێکی زۆر گرنگی لەزانست‌و فەرهەنگی خەڵکی کوردەواریدا هەیە.

ئەگێڕنەوە شاڵی بەگ‌و وەسمان بەگ نێوێک هەبون وەسمان بەگ برا چکۆڵەی شاڵی بەگ بو و پێکەوەبون، وەسمان بەگ کوڕەکەی نێو دەنێ «سیامەند» و شاڵی بەگیش کچێکی ئەبێ و نێوی دەنێ «خەج» دایکی خەجێ نێوی «خونچەخان» دەبێ، شاڵی بەگ حەوت کوری دیکەشی لە ژنێکی دیکەی هەبوە، خەج‌و سیامەند، لە منداڵیەوە پێکەوە گەورە بون، هەتا هێندێک فام دەکەنەوە.خەج‌و سیامەند، لە منداڵیەوە دڵیان لێک دەچێ و نێوانیان زۆر خۆش ئەبێ «خونچەخان» بەوە دەزانێ‌و تێ دەگات کە «خەج‌و سیامەند» حەز لێک دەکەن‌و یەکتریان زۆرو پڕبەدڵ خۆش‌دەوێ، شەوێک بە شاڵی بەگی مێردی ئەڵێ و بۆیی ئەگێڕێتەوە، وپێی دەچەقێنێ‌و دەڵێ دەبێ لە وەسمان بەگی برات جوێ بینەوە، شاڵی بەگ ناچار، بە وەسمانی برای ئەڵێ، ئەبێ جوێ بینەوەو خانوو ماڵی خۆت بکەی، ئەمەیش دەبێ بزانین کەناوچەی شاڵی بەگیانیش‌و فەر مانرەوایی، ئەو ولاتە بە دەس ئەو دو برایەوەبووە.

سیامەند بەباوکی وت: لەم خانوەناچمە دەرێ ئەگەر ئەتەوێ ماڵی خۆت بکەی، ئەبێ حەو شەو ماڵە کە بکەن، بە دو بەشەوەلایەکی ئێمە لێیدا ئەنیشین‌و ئەو لاکەیشی بۆ ئەوان... جا ناچار لەگەڵ شاڵی بەگدادیوارێکیان، لە نێوە راستی حەسارو حەوشەکەداکێشاو تیغەیان کرد، خەج لایەک‌و سیامەندیش کەوتە لایەکی دیکەوەو هاتو چۆیشیان بڕا...

سیامەند بەڕۆژا ئەچوە ڕاو وشکارو بەڕۆژ کەمتر چاوی بە «خەج» دەکەوت و بەمەزۆر پەرۆش‌و بەکوڵ بو، ڕۆژێکی لەکەڵە راوی گەڕایەوە، لە دورەوە گازی کردە خەجێ، خەجێش لە بەر پەنجەرەی ماڵە خۆیانەوە، سەری هەڵێنا، سیامەند خەجێی بانگ کرد وکوتی: خەجێ! سەرم، لە ئێشە، دڵم بە تاوە شتێکی سەیرو دڵ تەزین‌وگیان‌راچلەکێن، لە منو تۆی ڕو داوە، خراپ لە منو تۆ قەو ماوەکوێستان بە بەفرن داوێنیان بەئاوە، خودا دایک وبابی تۆبگرێ دیوارێکیان لە نێوان منو تۆداکێشاوە... مەگەر هەمو ئێواران کە دێمەوە لە راوی، ئەتۆ بکەمەوە، ڕە چاوە، سیامەند ئەڵێ: بەهارە، بەهارێکی لەمن بە سەختانە سەرم بە ئێشەو دڵم لە

ژانە قەول و قەراری منوو تۆهەوەڵ مانگی بە هاریٚ بو، ئیٚستا ئاخری بەهارە،کاتی دەس لیٚک بە ردانە... بە ڵێنمان وانەبو، بەجیٚ بێڵین و لاٚتی شاڵە بە گیانە؟

خەج بانگ ئەکات: ئەی سیامەند! سیامەندگیانە سەرم لە ئیٚشەو دڵم لەژانە، ئەگەر من پەشیمان ببمەوە لە بەڵینی خوٚم ڕەبی سەرم شین کەم، لەخومی دە جولەکانە، سەرم لە قوڕی نیم بوٚ حەوت برایانە، ئەتوٚیش، ئەگەر پەشیمان ببیەوەه ڕەبی لە سەرت بنێی کوٚچک و لەچکو و چاڕوٚکەی دەژنانە، سیامەند لە هەندە هەندی شەوٚیدا ڕوی ئەکردە تەویلەو بەهـار بـەند و یەختەخانە، دەرئەکێشیٚ جوتێک ماینی: شێخە زاڵی یاڵو پڕ بە ژەنگاری کڵک لەسەر، چزانە، بە جوتە سوارە سوار ئەبون، لە نیوە شەوێرا ڕویان ئەکردە کوێستانی دەگەورەو گرانە.

سیامەند ئەڵێ: خەجیٚ با بچینەبن بەردی «سیپانیٚ» جیٚگای راوی دەکەڵە کێوانەو لەویٚ ئەمن ئەکەمەوە حوکمات و فەرمانە، ئەتوٚیش دانیشە، پکـە کـاروباری، دە کـابانی. خـەج: سیامەند! ئەوە ندەم بەسە ئەگەر توٚ بڵیی: خەجیٚ!کابانە، بەهارە بەهارێکی لە ناکاویٚ، سەرم لە ئیٚشە دڵم کەو توٚتە گیٚژاوو گەرداویٚ، خوٚزگەم بەویٚ ڕوٚژیٚ کە هەڵت ئەدا خیٚوەتیٚکی تەپلەبە زیٚر، ڕوت ئەکردە سێبەری پشتت، ئەتکردەوە دەتاویٚ، سەرتئەکردە سەررانـی خـەجیٚ قەڵەندری لەچێشتەنگاویٚ لەویٚ دەمیٚ دا سەرم هەڵدێنا دەمروانیە سەری دە کێلە سیپانیٚ پەڵە پەڵەی دە زیٚهاویٚ، گامیشە بە کەڵی، کەڵی کیٚویانم، بەچاو دەنگاوت، کەڵێکی ڕەشی خڕەیان تیٚدابو، ماڵی خاوەنی ویٚران بیٚ، پیٚ کوٚڵی ئەکرد، هەلاٚڵەی، لە بە یبونی، هەڵدەپساند دەگەڵ پەلکی دەگیاخاویٚ، هێندە زاڵمبو، نەیدە هـێشت کـەڵی دیکـە بـێنەسەر گـامیٚشی، پـێکوٚڵی لیٚدەکردن، لە زەوی هەڵیدەپساند. پەڵکی دەگیاخاویٚ ئەمنیش لەویٚ دەمێدا غوربە تم هەستابو، دە لاٚلبم! لە زمانی فرمیٚسکم لە چاوان، هەڵدەوەری، لە سەر ڕومەتی ئاموزام، دەکـەوت... ڕادەپەری لەو خەوی دەشیرین خەویٚ دەمگوت: ئەوەش وەک ئاموٚزام ئـەگـەر خـەجیٚ، هەڵدەگریٚتەوە، لە حەوت برایان لە ئیٚوەی ولاٚتی دەشاڵە بەگیانی تازە ناویٚ.

سیامەندئەڵیٚ: خەجیٚ بوٚچی ئەگـریەو ئەبـارێنی، بـیرت لە ولاٚتـی شـاڵە بـە گـیان کردوەتەوە، ئەو ئیٚوارەیەت لە بیرنییە، ئەگەر، من ئەهاتمەوە لەراوی گامیٚشان، دڵم کەوتوتە گیٚژاو وەگەرداویٚ، جا ئەگەر سیامەند وای ئەزانی، دەستی دەداتیروکەوانیٚ وهەڵدەستـا،

ئەروی بە بیانوی راویٚ، خەج پێشی لێدە گرت‌ودەیگوت: تۆ خوداسیيامەند، وەگەریٚ ئـەو گوشتی ئەو نەچیرەم ناویٚ، سیيامەند، سیرەی، ئەگرت لەکەڵیٚ گچکە پەلە پیتە کەی، لێدە کێشا، ئەیدا لەکەلەکەی،کاری ئەکردلە جەرگ‌و دڵ و هەناوی، هەڵیدە کێشاکێردێکی زۆر تیژ، کە سەری کەلێی‌پیٚ ببریٚ‌و گۆشتی نەچیری بیٚ نێتەوە لە راویٚ.

خەج: خەج ئەڵیٚ: ماڵە خاوەنی وێران بیٚ، جێگاکەی رازو حاسی بو سـەری ئـەدا، لەئاموزام هەڵیدەداشت، بۆسەر پەلی دارەبەن‌و داربناویٚ، ئامۆزام نە خۆشە خەڵکی لە سەر پشت سەری نییە پکەن نۆشی، قومە قومەی‌دە بەفراویٚ، تۆ بڕوانە،گۆمیلکە،گـۆمیلکەی، دە خۆیناویٚ، ئاخوا! دوعاو نزای چنا موسڵمانێکی لە منو تۆ گیرابون، نەیان هێشت تیر لێک ببینین تا سەر مرادوکاویٚ، ئامۆزای من منداڵە گۆڕغەریبە، منت بمرم سییامەندە گییانە، ناڵە ناڵی تۆم هەروا لەبەر گۆی یانە...

سییامەند ئەڵیٚ: خەجیٚ من لە بەر برینی خۆم نا ناڵم لە بەر شین‌و گریان و ڕۆڕۆی تۆ زۆر بیحاڵم، بەڵیٚ: دارە بە نو دار بناویٚ لەمن بون، بە زاڵم، خودانەیدا بەشم فرشتەم تێربتگرمە باوەشم، لەم دنیایە خودا نەی دا ئیقباڵم ئەمن ببمەوە میری خۆشناوان وئەتویش ببی بە حەلاڵم.

خەج ئەڵیٚ: بەهارە، بەهارێکی دەم لە زستانی سەرم لە ئێشە دڵم پڕ لە ژانیٚ، خۆزەگەم بەوی ڕۆژیٚ‌کە هەڵت ئەدا خێوەتێکی تەپڵەك بە زێر، ڕوت ئەکردە جزیری[۱] و پشتت ئەکردە «بۆتانیٚ» سەرت ئەکردە سەرڕانیٚ خەجیٚ ئەنوستی لەکاتی دە چێشتەنگـانیٚ لەوێـدەمێدا ئەمروانی، ئەو بەرەو بەری زیهاویٚ، سەری لەکێوەسیپانیٚ،گولاٚن هەمو سەف بەسەف بون، هەمو، ئەگرنەوەسانیٚ لەو دەمێدا،گامێشە، بەکـەڵی،کـە لـەکێویـانم، بەچـاو ئـەدی، دڵـم ئەکەوتە گریانیٚ،کەڵێکی ڕەش خرەیان تێدابو، پێکۆڵ‌و سمکۆڵی ئەکرد، لە هەلاڵەو بەیبونیٚ، هەڵیدەپساند، پەڵکی دەشۆڕە بیزاییٚ، نەیدەهێشت‌کەڵی دیکە بێنەسەر گامیشیٚ‌ئـەچوەسمکۆڵی ومنیش غوربەتم هەڵدەستا، دەستم ئەکرد، بەگریانیٚ، فرمێسکم لە چاوان هەڵدەوەری دە کەوتنە سەر ڕومەتی ئامۆزام ڕائەپەری لە خەویٚ.

---

۱ - مەبەست جزیزی (عبدالعزیز) کوری عومەر-ی کورد-ی بەرقەعید-ە بروانە وەفیات... کوری خەلەکان لەباسی (ابن اثیر جەزەری) (شەپۆل).

سییامەند ئەڵێ: خەجێ تیروکەوانێ من کوانێ؟ دەستی ئەدا تیروکەوانێ بەڵکو بکوژێ نەچیرێ وبی هێنێتەوە بۆ خەجێ بابان ویرانێ، سیرەی ئەگرت لەکەڵی گچکە، ئەیدالەکەلەکەی کەڵی ئەیخست لەگۆشەی دەمێدانێ، هەڵیدەکێشاکێردێکی زۆر تیژو بڕاکەسەری کەڵی پێ ببرێ، گۆشتی نەچیری، بی هێنێتەوە بۆ خەجێ ماڵ وێرانێ، جا جێگاکەی رازو حاسی بو، کەڵ سەری ئەدا لە ئامۆزام، هەڵیدەداشت بۆ سەر، سەر دارەبەن و داربناوێ، بڕین سارد بونەوە، دەک لاڵبم، ئێستا وردە وردە، ئەکەونەژانێ، خەڵکی لەپشت سەری نییە، پکەنە نۆشی دەقومە قومەی، دەبەفراوێ بەحوکمی پادشای ژۆری سەری لەسەر لێوانت دایە خوناوکەی دەبارانێ.

سییامەند ئەڵێ: خەجێ مەگری مەبارینە وەرە لەدارەبەنو داربناوێم وەکە لەسەر ڕێگەم بنێسـژە، یادگارێکی خۆت لە سەر گورەغەریبەکەی من دانێ، ئەگەرلەگەڵ پۆلی، شەنگە پەریان هاتن پێ لاقێکم بە قە بڕو گۆلکۆکەی دادەو بڵێ: قەبری ئـامۆزاگـۆرغەریبە کـەم، ئەوەتانێ.

خەج ئەڵێ: بەهارە، بەهارێکی لە من بو، بە نەهاتە سەری کۆیستانی، بەگوڵە، پڕ سومبلە، داوێنی، لە من بە قاتە، خوارەوەی، کێوە سیپانێ بە دارەبەنو داربناوە سەری لە من بە قەلاتە، لە دڵی خۆت مەگرە، هیچ خەمان، ئامۆزا، بڵێ: ئاخوا، لە دوای مەرگی من کێ بەتە ماتەو بە هەو یاتە شەمامەی رەنگینی باغەڵی خەجێ لە دەستی گەلێ کەسدا، قاتە.

خەج ئەڵێ: سییامەند! هەتا ماوی بۆخوت ئامێزم بە بمگرە، ئەوە خەجێشت بو بە خەلاتە هەر بۆ تۆ بەراتە، خەجێش لە سۆیی، سییامەند خۆی لە هەڵدێرێ هەڵداشتە خوارێ کێ ئەزانێ گاکێوێکی گچکەڵە، دو ئاشقەو باشقەوالێک ئەکات پەککو؟ دڵتە زێنە، بە تایبەت کە خەجێ لەو رازو هەڵدێرە خۆی هەڵدیرا بۆ ئەوەیبکەوێتە باوەشی پڕ ئەوینی سییامەندی ناکامێ، بەلاّم لەکێوەسیپانێ هەڵدیرراو پەڕاش بەپەڕاش بو نەگەیشتە باوەشی سییامەندی ئامۆزای، هەردوک بەناکامی ئاهێکیان هەڵکێشاو دەمیان پێکدادا وگیانیان دەرچو، نێوی سییامەند لەسەر زاری خەجێ نیوەچڵ ما، سروەیبا لە سەرکەل، بۆمردنیان ئەگریا بەگەڕانی ڕۆژگـاری، چەپگە ڕی سەر گردان بـە پشکـوتنی، بـە هـاران دوگـوڵ، دوگـوڵی مـێلاقی بـە ڵکـودو گوڵەخەشخاش، داغیان لەسەر دڵ، گوتویانە: لە مەو پێش هەرگیز، لە باخی ڕۆژگـاراگـوڵ

## ٩٥ ـ شه پۆل

داغدار نەبو لە و دەمیە وەگوڵە میلاقە یادگاری ئەم دڵداریە ناکامو تاڵەن، خەجو سییامەندلە نێورێگەی دڵداریدا مانو بە ئاواتو مورادنەگیینو جوانە مەرگبون تا بەپشکوتنی گوڵە بەهاران، لەرێگەو بەرێ ڕێبوارانی عەتر کەن وبارن گوڵبەرگی لالەو، گوڵە خەشخاش گەڵای گوڵانی ناسکی تربە پەیکە ریانا بدات و ئیتر دڵ ڕەشی لالەی داغدار نەتوانێ زەمانێ چارە نوسیان لەم بە رو بوە، وەك دەستی دڵ ڕەشێ بێبە تاوێ و دەس بە پەیکەریانا پساوێ و لەمەزیاتربیان ژاکێنی، لە تاوان ئەگەر جوانەمەرگن، شایەدی دڵداری یەکی پاکی هە تا هە تایین[1].

<u>مەشکەو مەشکە ژەندن</u> ـ مەشکە لەپێستی بزنە مێ ساز ئەکرێ بەتایبەت بزنی مورەش چونکا پێستی بزنەمەرەز یا بەڵەك یاپێستی بزنی تر نازك وکەم دەوامەمەشکە لەپێستی بزنی رەش بەم جۆرە دروست دەکرێ، ژنێ کە لە سەنعەتی مەشکە وەستایە، یەكمەن ئارد ـ ی گەنم دەکاتەنێو مەنجەڵێك ئاوو دەیێنێە سەر تەنور تا دێتە کوڵ و چەن قوڵت دەدا و ئەوسا لە سەر ئاو لای دەبا، تا هەندێ سارد ئەبێتەوە، کە پێستە کە نەسوتێنێ، جا پێستە بزنە کە، دەخاتە نێو ئەو مەنجەڵە تاسێ رۆژ، بەمە دەڵێن: لەهەلاڵەنان یا لە هەلاڵە گرتن لەو دەگرن تا ئاوی پێستە کە بگیردرێ، ئەم کارە دوجار ئەنجام ئەدرێ، ئەوسا دارێك دەکەن بە نێو پێستە کەداو لەبان تەنور بە میچی ماڵە کەدا هەڵی دەواسن تا چەن مانگ دوکەڵ بخوا، لە کەژێ بەهاردا مەشکە کە لە میچ دێننە خوارەوەو ئاوی تێ دەکەن تانەرم بێتەوە، جا دوای بەتاڵ کردنی ئاوە کە، پڕو تەژی دەکەن لە خۆڵەمێش تاهەم ئاوی بگیردرێو هەم لەقاڵب درێ وگوشاد بێتەوە، جادوای یەك دو رۆژ خۆڵە مرە کەیشی خاڵی دەکەنو ئەوسا پینەچی یاکەسێ کە شارەزابێ بنی مەشکە کەو بن هەنگڵەکە دەدورێ، ئەو سابە گیایەکی بۆنخۆش (تولمر، کە بەفارسی (نمیر)ی پێ دەڵێن. بەمجۆرە،گیایە کە ئەخەنە سەر ئاگروگۆزەیەك کەبنە کەی کون کرابێ وەك (رەحەتی) سەری گۆزە کەدەکەنبەدەممەشکە کەداوبنەگوزە کەیش لەسەردوکەڵی گیابون خۆشە کەرادە گرن، تا ئەو دوکەڵە بەتەواوی بچێتە نێو مەشکە کەوە،جا لە دوای ئەمە، مەشکە کە بە گیای (هەلاڵە) دە شۆن تا خۆش بۆ بێ.

---

[1] ـ سیامەند و حەج نوسراوی دوکتور ئەیوبیان و تاری رادیۆیی بە کوردی نوسراوی (شەپۆل).

جادوای ئەمانە ئامادەی کارە، بەلام واباوە، ئەبێ ئەومەشکە، بکەنە بوك، بەم جۆرە چەن کچ بانگ‌دە کەن، دوای چایی خواردن، دەس دە کەن بە شاییو هەڵپەرکێ و گۆرانی وتـنو بەزموزە ماوەند، مەشکە کەش بەزەنگوڵەو کوژە کە و موروووشتیوا دەرازێتەوە و دوعایە کیش کە لەبەرگی قەنەوزگیراوە لە گەڵ کەمێ خوري و شتر کە بادرا لێ بۆ چاوە زار لە سـەرزگیی مەشکە کەی دادەنێن، جا بۆ یە کەمجار ماست دە کەنە نێوی و بەسێ پە کەوە هەڵی دەواسنو رای دەژێنن تا دەژێ و کەرەی‌ماستە کە بگرن، یە کەمین کەرەی ئەو مەشکە، دەی کەنە کولێرە ناسکە یا کەلانەوبە میوانان و دۆستانو دەروجیرانی ئەدەن. لە کاتی مەشکە ژاندندا ژنانی مەشکە ژن ئەم شیعرانە دەخوێننەوە: ئایی خاتون مەشکە ـ ئای خانم مەشکە ـ داڵکم مەشکە ـ خوشکم مەشکە چڵ‌مەنی رونە ـ چڵ مەنی کەشکە ـ داڵکم مەشکە ـ خۆیشکم مەشکە ـ دەسکی مەشکم هەنارە ـ مەشگە ژەنگم بیمارە ـ داڵکم مەشکە ـ خۆیشکم مەشکە ـ دەسکی مەشکم ئەنجیرە ـ زلفی مەشکە ژەنم پرچینە ـ داڵکم مەشکە ـ خۆیشکم مەشکە[1].

بە پێ قسەی (عەلی ئە شرەف محەمەدی[2] لە چەنگیز قەڵاو لەبیجاردا، هەروا لەقورووەدا بۆ یە کەمجار کە بیانەوێ لەمەشکە کەڵك‌وەربگرن، جێژنی وە ك بوك هێنانی بۆدە گـرن و مەشکە کە لە (سێ پە ك: سێ‌پا) قایم دە کەنو شاڵێکی سور دەدەن بە سەر (سێ پە کە) کە دا ولەژێر مەشکە کەوە چاي، شیرینی، شەرەبەت و ئاوێنەو کلە وکلتور دادەنێن، ئەوسا حەوت کچ بانگ‌دە کەن، هەر کامە لەو کیژانە بەردێك لە گەڵ خۆی دێنێو لەو ماڵەیی وا (مەشکە) کەیان کردۆتە (بوك) دای دەنێو دەڵێ: موبارە کە، بەهیوای خوا پڕخێرو بەرە کەت ئەبێ، جا دوای ئەوەی ماستیان تێ کرد ئەو حەوت کیژە بەنۆبە، دەیژێننو لە کاتی مەشکەژەندنە کەدا ئـەم شیعرانە، بە نەرمە دەنگ دەخوێنن و دەڵێن: مەشکە بژەنم وە سایی ـ بیبیەم کەواو کراس ئەرای ئازایی ـ کەواو کراسە کەی دڕیایە ـ ئا مەشکە بژەن هادێرە ـ مەشکە بژەن، ژێر پایە ـ مەشکە، لە کەرە دەمیایە ـ مەشکە قرمزی هەنە هەنی‌یە ـ سیو دو سوارمیوانییە ـ گشتیان بونەسیر ـ تەنیا

---

١ـ لەم شیعرانەدا مە شکەژن، مە شکەی وە ك زاروکی خۆیی پێدا هەڵ وتوەو لاواندو یەتەوە، بەخەیاڵ تا کەرەی زۆرتر لێ بگرێ.

٢ـ کە لە بیجارەوە هەندێ مەبەستی بۆ بەرنامەی باوی کوردەواری ناردوە کە لە رادیو کوردی بلاوی بکەینەوە (شە پۆل)

٩٧ ـ شه پۆل

بەش خاوەن ماڵ مایە گیر ـ ئەمەیش چەن شیعرو هۆنە لەبابەت مەشکەوە کە رەسول نادری شایەرو تەنزوتە شەر زانو دەنگ‌و ئاواز خۆش‌و هونە روەری کوردەواری کـە لە قـەولی دوبێری دۆشی کوردەواری (لاڵیخانو پەریخان)ەوە دایناوە: خەسوم عـەمری نـەمێنێ ـ لە هەیوانم دەنۆینێ ـ ئاوی مەشکەم پێ دێنێ ـ رەببی سەری لەقوڕی نێ ـ هەی ماڵێ بابی من زێنێ ـ هەی عەمرو چاوی‌من زێنێ، دینێ ـ مەشکەم مەشکەی مانگایە ـ لولەپ لەدار خورمایە ـ دەی ژێنم لە پیلایە ـ ئەمرو، دەنگی چاك نایە ـ هەی ماڵێ بای‌من زێنێ ـ ئەو ساپەریخان بەلاڵیخان دەڵی: ئاتۆیش بەندێك پێدا هەڵ بڵێ: لالیخان: بار دە کەین بۆ جانداران ـ رۆنـی دە گرین بە باران ـ لەدوی پاییزە هەواران ـ هەی ماڵێ بابی من زێنێ ـ هەی عەمرو چاوی‌من دینێ ـ بار دە کەین بۆ پیرخدری ـ کابان زەنبی هەڵنا گری ـ میوانە رەسوڵی نادری ـ هەی ماڵێ بابی من‌دینێ ـ پەریخان: مەشکەم دەژێ بەیانە ـ رەسوڵی نادری میوانە ـ خەڵکی نێوگەورکـانە ـ قەدری لەسەر چاوانە ـ مەشکەم مەشکەی گامێشێ ـ چەندم‌شانو قوڵ‌دێشێ ـ لاڵیخان: چەندم کردوە مەشکە ژێنی ـ سەرم بوەتە، تەپڵە گۆینی ـ عەزاب، نەبێ، پێم نامێنێ ـ کادرویشی نەڵێنێ ـ پارچەو قوتنیم بۆدینێ ـ بـۆ گـوریس‌و دەم بـێنێ ـ خـەسوم عـەمری نـەمێنێ ـ شـەوێم زو هەڵدەستێنێ ـ هەی ماڵێ بابی من زێنێ ـ مەشکەم مەشکەی مانگایە ـ لۆلەپ لەدار خورمایە ـ دەژێنم لە بیلایە ـ ئەمرو دەنگی چاك نایە ـ مەشکەم مەشکەی مانگایە ـ قوڵە، ئـەومێردەم زۆرنابەدڵە ـ پێی قاییل نیم زۆردارە، قاتڵە[1].

چیا سەرکەشە کانی کوردستان هەوارە زنوێر وسازگار ولەورگە بژوێن وزەمەندە کانی ئەم ولاتە لە کۆنەوە تا ئێستا جێگای ئاژاڵداری بووە.

ئاژاڵداری کوردستان،گە رمێن و کوێستان دە کەن. رانی مانگا وگامێش، مێگەلی مەڕ و بزن لە ئارانەوە دەبەن بۆ کوێستان ولە کاتی خۆیدا خێڵ بەرەوژێر دە کەنەوە.

ئە گەر پیاوی کورد لە لەوەڕاندن وبەخێو کردنی وەڵساتدا زەحمەت‌دە کـێشن ژنـی کوردیش لە رەعەمەل هێنانی رسقدا هاوکاری ئەوانن. بە زەحمەتی شوان وگاوان‌وەبێری و

---

١ـ ئەم بەشە بەدیاری بۆ بەرنامەی باوی کوردەواری هاتووەو بەکوردی لە رادیـو کرماشان سـنە، مەهـاباد، ورمـێ بڵاوکراوەتەوە ـ ١٣٥٥/٨/٣ ـ تاران (شەپۆل) و لە کوردەواری دیاری ژمارە ٥ چاپی سوئید لە پەرەی ٥٠ چاپ بوە

مەڕدۆش نەبێ رسقی مالاٚت رەعە مەل نایە. هە مو حەیوانێک کە هاتە سەر زان گوان دە کا بەو حاڵەتە دە گوترێ گوانەمە.

هەوەڵ شیری پاش‌زان پێی دە گوترێ «ژەک» وبێچوی ئاژەڵ فرچکی پێدە گرێ. «ژەک» هەوێن ناگرێ ونابێتە ماست و پەنیر. کاتێ گەرمیان کرد هەڵدە گەڕێ وپێی دەڵێن «فرۆ» شیری مەڕو بزن دوتاسێ رۆژ هەر «ژەکە» وشیری مانگا وگامێش سێ چوار رۆژ نابێتە شیری تەواو.

شیر کە کولاٚندیان ماستی تێدە کەن و پێی دەڵێن هەوێن کردن. چەورایی ماستکە لە لای سەرێ کۆ دەبێتەوە پێی دە گوترێ توێ شیر یاسەرتوێ.

ئەگەر ماست جمە ک بکەنەوە یانی دوسێ رۆژان نەی ژێنن پتری رۆن دە کە وێتێ.

شیری مانگا وگامێش تا شینکە بخوا چەورتر و بەرۆنترە.

بە پێچەوانە بزن و مەڕ ئەوکاتە کە گیای شلک وساوا دەخۆن شیریان ز ونتر دەبێ وبێ چەوری ترە،بۆیە کابانی چاک تاگیا بۆر دە بێ یا پوش دەپەڕێ شیری حەیوانی وردە وردە دە کەنە پەنیر.

شیر دادەنێن و «هەوێنی» تێدە کەن وپاش ماوەیەک لە سەر ئاگری گە رمی دادەنێن و خوێی تێدە کەن دەبێتە «دەڵەمە».

دەڵەمە دە گوشن ودەیکەنە سەلک،دە بێتە پەنیر «تیژاو ە کەی» دە کوڵێننەوە ولە راوە کی دە کەن دە بێتە «لۆرک». لۆرک و پەنیر لێک بدەن پێی دە گوترێ «مەیلە» کە پوش پەڕی، شیری مەریش دە کەنە ماست وپاش ژاندن «کەرەی» لێدە گرن ودۆیە کەی دە کوڵێننەوە،دە بێتە «شیرێژ» (یاژاژی) لە شیرێژ «کەشک» دروست دە کرێ. تیژاوی شیرێژ بە کەڵکی هیچ نایە و دەیڕێژن.

کەرە بۆئەوەی بۆبانەبێ گەرمی دە کە ن بەم رۆنە دەڵێن «کەرەتا و» ئەگەر بە تەواوی کولاٚو دۆ کی لێ گیرا پێی دە گوترێ رۆنی زەنگ، دۆکئەو خڵتەیە کە لە کەرەتاو دە گیرێ، وە ک تیژاوی دۆ بە کەڵک نایە. جگە لەوە کە جاروبارە قەڵشی دەست وپێی پێ چەور دە کە ن (لە جیاتی کرێم) یا پشتی ئاژەڵ وپاتاڵی پێ چەور دە کەن.

کابانی کورد لە وەختی مەشکەژاندندا بە نارە شیعری کوردی دە خوێنێتەوەو بە مەشکە

٩٩ ـ شەبۆل

هەڵدەڵێن وماندو یی خۆیان دە حەسێننەوە. ئەوە چەند بەند لەو شیعرانە.

مەشکە بژێ وانا بێ     کانی گوڵان مەیدان بێ
حەیرانت لێ میوان بێ     هەی ماڵە بابم مەشکێ
عەمرو چاوی من مەشکێ
مەشکە بژێ وانا بێ     سێ سوارتلێ میوان بێ
سەرکردەی عەلیخان بێ     پێشڕەویان سڵەمان بێ

* * *

مەشکەم مەشکەی مانگایە     ڵولەپ لەدار خورمایە
دەیژێنم لە بێڵایە     خەسوم عەمری نەمێنێ
شەوێم زو هەڵدەستێنێ     ئاوی کانیم پێ دێنێ
مەشکۆڵەم پێ دە ژێنێ
مەشکە بژێ بەیانە     کاکە مینم میوانە
قەدری لە سەر چاوانە
ئاوی سپی کانی یە     وازم لە مەشکەی نیە
حەیرانم لە ماڵ نیە
مەشکەم مەشکەی مەڕانە     دە یژێنم لەو هەیوانە
مەشکە بژێ درەنگە     شۆڕە سوارم میوانە

* * *

مەشکە سورێ وانابێ     کابان زیزەو چانابێ
پێستی لەبۆ پڕنابێ
ئاوی لە خڕو زندۆڵان     ئاو دێ لە ملی کیژۆڵان

۱۰۰ -باوی کور دەواری

رۆن خۆشە بە بابۆلاّن

مــەشکەم مــەشکەی مــانگا قــوڵە دەنگــی دە ڕوا وەک زەنگــوڵە

پێی قایل نیە تاژی وتوڵە

ئـــاوی زەردە کیفـــارێ بــە خــورە خــورِ دێـنە خـوارێ

بۆ مەشکۆڵەی نازدارێ

ئــەو رێیــەی لە گــەوەی دێ بــۆنی گـــولاّنی لێـــدێ

حەیران بەو رێ یە دادێ

رێ یـــانم لە دور دیـــاری پێیـــان دەکـــەم مـــرواری

لە بەر خاتری شاسواری

مــەشکە بــژێ ســێ گــە ردان رۆنـــی دێـــنم لە بـــە ردان

پیر بووم لە حەیفی دەردان

مــــەشکە بـــژێ لە لێـــری دار دۆژەنگت لە زێـــری

بۆخۆم کیژی با ژێری

ئـــەو شـــاخانەی بـــە دیـارن ســـەری یـــان بـــە ژەنگـــارن

بنێ یان بە خوسارن

مـــەشکە بـــژێ ئـــێوارە قـــالیچێکم بەدارە

پڕ لە نەخش ونیگارە

مـــاڵە بـــابم مـــەشکۆڵێ کـــاکـم هـــەڵگرێ زەردۆڵـــێ

بۆ خۆم دەچم لە تۆڵێ

مــەشکە بـژێ بــە ســێ یــان لە بـــن دارە هەرمێ یـــان

ئاغا بمرن لە سوێ یان

مـــەشکەم مـــەشکەی نـێنگونێ لۆلەپ لە دار زەیـــتونێ

۱۰۱ - شه پۆڵ

شڵقی لێده خاتونێ

مــەشکەم مــەشکەی کــاوڕی    ئــاو هــاتەخوار له چــڕی
بازرگان رۆنیان کڕی
مــەشکە بــژێ بــە چــواران    بــە خــرینگ وهــۆڕی گــواران
رۆنی من ودۆی سواران
ئــاوی کــانی کــیژانــە    رێــواســی دۆڵــی نیــانە
مــەشکە بــژێ درەنگــە    شــۆڕە شــوارم مــیوانــە

* * *

مــەشکە بــژێ چ خــێرە    مــەڕ گــەییە دانــە بــێرە
کابان دەڵێی کە نێرە
مــەشکە بــژێ هــانی یــە    کــەفوکوڵیدانــی یە
مــەراغــە مــەیدانــی یــە    سـەد ســوار بــە مــیوانــی یە
کابان بە قوربانی یە
مــەشکە ســورێم بــلەرمە    ئــەگــەر لێم نــە کــەی شـەرمە
تێت دە کەم ئاوی گەرمە
مــەشکە ســورێم نــەژاوە    هــیندەم دێــنی ودەبــە یــە
لە کــارانــم دەکــەیە    رۆنت هــەر ئــەوەندەیە

* * *

مــەشکە ســورێم هــەلاڵی    لە بــەر بــایە شەمــاڵی
لە بەرگورمان دەناڵی
مــەشکەم مــەشکە گــوێرەکێ    لۆلەپ قــاچە چــۆلە کــێ
خۆی وێ هەڵدەکوێرەکێ

مەشکەم مەشکەی بەرانی هێندی قەفی گۆچانی
هێندەی سەری شوانی بەرکەتی کەوێتە گیانی
کاکم بیخوا بە نانی
مەشکە بژێ لە لەندی لە دەرکی دەوڵە مەندی
بە شەقەی بازی بەندی رۆنی خۆشترە لە قەندی

* * *

مەشکەم مەشکەی بزنی ئاوی لە بن کزنی
قابیل بەکوڕە مەزنی
مەشکەم مەشکەی گاڕەشی هەڵیاندا لە گاگەشی
لە بەر رۆنی دەقەڵشی[1]

## باوی کوردەواری بەشی چیرۆک

## ئەم چیرۆکانە بۆمناڵانیش ئەبێ

---

١ ـ بروانە کۆواری سروە، ژمارەی ٥ بەهاری ١٣٦٥ پەرەی ٦٥ تا ٦٢.

١٠٣ ـ شه پۆل

## شەویارو شەوبو

خۆینده وارانی خۆشەویست ئەبێ بزانین کە ئەم قسەو باسانەی والەم چەن دێڕاندا بۆتان ئەگێڕینەوە، زۆر سرنج ڕاکێشەو کۆمە لاّیە تیشە، هەرکەسێک باش دڵی بۆرا گرێ، زۆرباش، کەڵکو سودی لێوەردە گرێ، هەروەک ئەزانین: پیشەی کردو چنینو تەنین، لەنێو، گەلی کورد، دا زۆر لەمێژە، باوەو ماوە، لێرەدا: شەویار، رودە کاتە شەوبو، پێ دەڵێ: چاوە راستە کەم! من پێم خۆشە تاوێک، گۆیم، بۆڕا گری!

تا، مەبەستێکی خۆشو پرسودو سرنج راکیشت بو بگێرمەوە...

شەویار ئەبێژی: شەوبۆ گیان! چنینو کردو تەنین یە کێکە، لەو ئیشانەیوا بەرەیمرۆف بۆ دابین کردنی یە کێک، لەپێویستە کانی، ژیان، وە بۆپێشکەوتنو دامەزراندنی بنەڕەتی بە ختەوەری خۆی وبەرەیداهاتو بەدرێژای مێژو وە لە کەونارا دا فێری بوەولەم بەرەن گازو ڕێگەوە، بۆ خۆیان، جلك و بەرگو ڕانكو چۆخەو جاچمو پلاسو بەڕەو گۆرەویو پوزەوانو دەسکیش و دەسرازەوکلاو، سەرکلاو؛ وەیان مافورەو قاڵیچەو شتانی تریوەك: گوریسو ڕەشکەی کاکێشانو کەژو، سەرکەللە و ڕیشوە، وەبۆراو و شکاریش تۆڕو شتیوایان، بۆ کەڵكوەرگرتن تەنیوەو سازیان کردوە.

شیاوی، زانینیش، ئەمەیەو چیرۆکە کەی ئێمەش، لێرەوە، دەس، پێدە کات. وەئەبێ، بزانین کە: کردو بافت وتەنینوچنین، تەنیا، کارو کردە وەو هونەرو بەرهەمی، بەرەی مرۆف نییەو بەس بەڵکو هەندێکیش، لەجڕو جانەوەرانیش، لەئیشو کاری تەنینو چنینا زۆرشارەزاو پسپورن.

شەویار دەڵێ: شەوبوگیان! من، لەم، جۆرە، جانەوەرانە دوانیان زۆرباش، دەناسم لام وایە، تۆیش دیتوتنو ئەیشیان ناسی، یەکێك لە م جڕو جانەوەرانە، ناوی کرمی هاوریشمەو ئەوی تریشیان، ناوی (جولاّتەنە) یە، کەداپیرۆشكو کاکلەمێشان وجاڵجالۆکەشی پێ دەڵێن. وە هەرکام لەم، دو، جانەوەرانە، بەپێی خو و ئاکار و سروشتی خۆیان. لە کاروئیشی کردو بافتو تەنینا، کە زۆریش تیاشارەزاو پسپوڕن، مەرامو نیازێکی تایبەتیان هەیە. جاڵجالۆکە لەشوێنی تەرو نماویوتاریکا، لە کەلو قوژبنو درزوقەڵەشتی

دارو دیوارا، وەیان لەنێوان دودەسە کەداری بانمیچا کەبڕێکقوڕماوی‌و دۆژەنگ‌دار بێت یان لەکونج‌و کەلێنی کادینەکۆن‌و بەرهەیوانی لاڕوخاو و قلیشە بەردو داری هۆدەو ماڵی پڕدرزو کون‌کونا دەس ئەکات بەداو نانەوەو خەریکی بافت‌وکردو جولاّیی ئەبی، جاهەر لەبەرئەمەیە لەکوردەواریدا بەم جانەورە دەڵین: (جولاّتەنە) ئاکارو وخوی جالجاڵوکەوایە: لەپاش ئەوە لەئیش‌و کاری بافت وکرد وداو نانەوەبوەوە، لەو داوەوا تازە ناویەتەوە، دور ئەکەوێتەوەو دەچێ لە سوچێکا کەتاریک وتنۆک بێ‌.خۆیی ملاّز ئەداو چوارمشقی هەڵ ئەتورشکێ‌گشت گیانی ئەبێتەچاو وزۆربەتیژی، چاوان دەبڕیتە داوە کەی وچاوە نواڕە داخوا، کەی جڕو جانەوەرانی وەک: مێش‌و مەگەس دەچن‌و پێوە دەبن، جا بەدبەخت‌و چارەڕەش‌ئەوجڕو جانەوەرانەیە کەڕیگایان لێهەڵەبێ‌و بەو نێزیکانە دابێن‌و بچن‌چونکە بێ‌شک زویان درەنگ، کەوەک چاوی خێل بەراست وچەپ و خوارو ژورا دەپەرێ، خۆیان لەوداوە دەخەن‌و ئیترهەرگیز زرگاریش نابن، چونکە هەرچی زۆرتر باڵەتەپێ‌و پەلەقاژێ پکەن‌و تەکان لەخۆیان بدەن‌و بنقێن وزۆر بکەن لەخۆیان تاڵ و پۆیی ئەم داوە، کە لیکاوی دمی جاڵجاڵوکەیە،باشتروزیاتر بەپەروباڵ‌و دەس‌وپێ‌یانەوە دەلکێ‌و دەنوسێ‌و گیریان ئەدا وبەتەواوی گیردە خۆن.

جا، لەوکات‌و چاخەدا جولاّتەنە لەلان، وەک تاژی (تاجی) شوین، کەروێشک، دەر ئەپەرێ‌و بەسەر هەشت‌پای بەندبەندو دریژو لۆق‌لۆقی‌و بڵیندی خۆیدا کەوەک فەنەر وان هەروەک سورە دوکەڵ‌و ڕەشەبای ئەجەل بەدارو دیوارا هەڵدەچێ‌و هەڵدەگەرێ‌و بوێ سەردەکەوێتە سەرێ، جۆرێکی‌وا بەسەر ئەو تاڵە لیکاوانەی خۆیدا ئەروا تەنانەت ئەوانەی‌وا، بیبجان خانم، ئەگێڕن‌وکارو ئیشیان تەناف بازی یە،ئەگەرلەو کاتەداچاویان بە داپیرۆشک بکەوێ لەشارەزایی‌و مەهارەتی ئەوجانەوەرە مات ئەبن ودەڵین: ئەوە!؟ چلون؟ وا بەتاڵو-کەوبەلەزئەتوانێ وا بەسەرئەوتاڵە باریکانەدابروات و خۆیی وابەگورجی بگەیێنێتە نەچیرە کەی‌وبیگرێ وخۆینی بمژێ و بیخوات، ئەگەرچی گشت کاروبارو هاتوچۆی جاڵجا ڵوکەلەروی سروشتەوەیە، بەلاّم شەوبۆ گیان! لەکاتی مناڵیمەوە، کەمن ئەم جانەوەرەم دیوە وناسیومە و سرنجم داوەولەکاتی روییشتنادیتومەواتیگەییوم کەئەم جانەوەرە، هەرلەدوقەنە

## ١٠٥ - شه پۆل

کێشا جاریک (بەپیێ کات ژمێر) چووەسەریێ ولەوداوانەکەوالەم سوچو ئەوسوچا ناو یەتەوە بوئەوەی بزانیێ ئایا نەچێریک پیوەبوەیان خەیر؟ بەوجۆرەی والەبیرم ماوە هەردەمێک چاوم بە جاڵجاڵوکە یەک کەوتبیێ کەوالەسوچێکا خۆیی ملاّزدابیێ و هەست و تەکانی لەخۆی چنیبیێ واتیگەییوم کەخەریکی گەلاّلە گرتنی نەخشەکێشانێکی تازەیە کەلەکۆی داوێکی تازە بنێتەوە، منلە منالّییا لە نێو ئاوایی یەکانی موکوریانو مەرگەوەروتەگەوەرو برادۆستا جۆرە داپیرۆشکێکم دیتبوو، کەئێستا ناوەکەی نازانم ولە بیرم چوەتەوە و خۆشت باش ئەزانی کەخانوبەرەی براکوردە لادی یەکانمان چونکەپڕەلەدرزوتەرەک، دیوارلەم جۆرەجڕوجانەوەرانەی زۆرلّی پەیائەبیێ. ئەمجۆرەجالجالّوکەیوامن لەو شۆینانە چاوم پیان کەوتوە تابڵێی ناماشەلاّ خوراو زۆرن،بە جورێکی وامرۆ ناتوانیێ ناوی یەک یەکیان لەبیرو زەینی خۆیدا ڕاگریێ، چونکە لەهەزار جۆرەن باوەر ناکەم ئەوانەوامن دیتومن هەرواسوکو ئاسان بتوانین بلّێن: هەمویان کاکلّە مێشانن، چونکە هێندێکیان وەک مەشکە دڕەوان بەلاّم چونکە شەو بۆگیان ئێمە نامانەویێ توانج و تەشەر، بەوانا بدەین و پلاڕیان بۆ بخێن وبیان ئەنگێوین،هەروەها من لایشم وانییە، کەئەمواتە، بوئەو جۆرە جانەوەرانەی وامن لە و کۆیرە دییانەی لای خۆمان چاوم پیان کەوتوە وئێستا ناچمەوە سەرشوێنیانو ناوەکەیان نازانم و لە بیرم چونەتەوە توش بیت، چونکە هەرچۆنیک بێت ناوی گشتیان لە بنەرەتا «جولاّتەنە» یە - شەو بوگیان باوەرمپێپکە ئەمەی بۆت دەگیرمەوەڕاستە: شەوێکیان لەگوندێک میوان بوم، هەروا لە خۆمەوە تەماشای بن میچی ئەو ماڵە خانە خۆی یەی خۆمم دەکرد - لە دیوارەکەدا لە نێزیک میچەکە درزوکونج وکەلێن زۆربون جڕو جانەوەرانی وەک داپیرۆشک زور بەلەزو تالّوکە، لەودرزو دیوارانەوە سەردەکەوتن ولەوقەلّەشتانەدا وەک (ودودە) هەرهاتوچۆیان بو، دەت وت خولخولەت لەبەرپییێ داون بۆیە کانیێ ناتوانن تاوێک راوەستن، شەوبوگیان باوەرم پێی بکە دەت گوت: شارەمیلورەیەوا بەکۆمەلّ وتۆپەلّ تۆپەلّ جڕ و جانەوەران دێنە دەریێ وەتەقالا ئەدەن بۆژین، لە و دەم و چاخەدا واچاوم بەوکونج وکەلینانەوە بـو چاوم بە «جولاتەنە» کەوت جوان حالّی بومو تێگەیشتم کە لەو درزوکەلێنانەدا مێش و مەگەسێکی زۆر لەوێداجەلە و ریزکراون، ئەوانە گشتیان مردون و لەقەنارە دراون بەلاّم کە جوان ورد بومەوەو

جوان سرنجم دان دیتم کەوا هێندیکیان وزە و زیان دیٚ و دەس و باڵ لێکئەدەن وتە قالائەدەن بەڵکو تەنیشتا وتە نیشت بکەن ویان بە رەو روبکە ون، بەکورتی بڵین: ئە و درزانەم وەک نە خۆشخانەی جرِو جانە وەران هاتە بەرچاو، برِێک مات بوم وبیرم دەکردەوە خاوەن ماڵە کەیش لەپێشان پیێ و تبوم، کە ئەمانە نە مردونو زیندون، بەلاٚم بێهوشن، وە ئەم جولاٚتە نانەش لە شۆینێکی دیکە بە فێڵ ئەم جرِ و جانە وەرانەیان خستۆتە نێوداوو گرتویانن، ئەم جولاٚتەنانە بە شێوەیەکی تایبەت پشت ملی نەچیرەکانیان دەگرن و دەی گەزن بە جۆرێکی وا، کە نە مرن و نەیان کوژن بەڵکو، بێهۆش، ئەبن، لەپاشان، بەکێشان کێشان رِایان ئەکێشنو ئەیان، هێنن، بۆئەم جۆرە جیگاتایبە تیانەو بەریز وەک مەری سەر بەشوان جەلەیان، ئەکەن و ئەم جرِو جانە وەرانە تازستانی داهاتو، بەمجۆرە، هەروا، نیوە گیان ئەمێننە وە وەکا کڵە مێشانە کانیش لەزستانا دێنە جە ستەیانوەک زارو خوێنیان دەمژنو هە روەک سەگئەکە ونـە نـاوکەلاکیـان. شەوبوگیان! لەبیرمەلە ودە مانە دا بە خاوەن ماڵەکەم و تبو: ماشەلاٚئەم جولاٚتە نانەچەن بە سە لیقەو خۆران، ئەوسا باشتر حاڵی ئەبی کە ئەمانە لەکاتی خۆیدا بۆ ئەوەی نەچیرەکانیان زو نە مرن و ویشک هە ڵنەیەن، بە شێوە یەکی تایبەت ئاوو خۆراک بەم جرِو جانە وە رانە ئەدەن تابرێک ئەبوژێنەوەو دوبارە بێهوشیان، ئەکە نە وە، وە تا زستان کارو ئیشیان بە م جۆرەیە.

منیش‌روم کردە خانە خۆییە کەم.پیم وت: خاڵە گیان! من لام وایە بۆئەوەماڵە کەتـان پاکو خاوین بێتو توشی نەخۆشی و ناساغی نەبن. باش وایەئەودرِزوکەلێنانە بگرن باشە ماڵە کە یشتان جوان ماڵە سواخ کەنوبە گڵەسپیە ئاو وگڵی کەن تا دڵکە مێک تیاخۆش بێت. و مرۆ بتوانیٚ پشویەکی تیابدات. بەلاٚم «شەوبو گیان» خاوەن ماڵەکە لە قاقای پێکەنینی داو لەوەلاٚ ماوتی: شە و یارگیان: وانیە کە تۆ دەڵیی ئەم جولاٚتە نانە «لە هەر ماڵێکا هەبن ودمیان هەیە و بەبەرە کەتن تەنانەت هێندیٚ ماڵ لایان وایە ئەگەرخانوبەرە کە یان کون وکە لی تیانە بیٚ - ئەبیٚ درزوکە لێنی تێپکەن تا «جولاٚتەنەی» لێی پیابیٚ و خەریکی داو نانەوە بیٚ، چونکە لایان وایە ئەم جانەوەرە بەیومنەولە هەرماڵێکا هە بن یومنی باشە و دە ڵێن: بونی لە نەبونی بـاشترە، بـەلاٚم شەوبوگیان! من لامو انییە چونکە «جاڵجاڵوکە» جانەوەریکی خۆین مژەو داعبایەکی گۆشت خۆرە بە لاٚم کرمی ئاورێشم کاری کردو و بافتەکەی ئاوریشمەو داعبـایەکـی بـیٚ دەسو

## ١٠٧-شه پۆل

پێیوهەژارە،وەک دەرویشوایە بێ ئازارە «شە وبو» گیان!کرمی ئاوریشم لەو، جرِوجانەوەرە گوشت خۆرو خوێن مژانەنییە ئازاری بۆگیان لەبەران هە بێ بەڵکو بە گژو گیاقەنیات ئەکات تە نانەت لە نیوئە و هەموگژو گیایانەش - تانیا ئیشتیای لەگە لاّی دارتو وە، لەوکاتو چاخەدا، واکرمی، هاوریشم خەریکی کاری تە نینە،مرۆخە یاڵ دە کا، وا دەزانێ ئـە وەدەرویشـەو زیکری خوا ئەکات یان وائەزانێ ئەوە عاشقو ئەویندارێکەو بەشیعرو هە ڵبەست بە وکە سەی وا بە دڵ و داوئە ی پەرستێ پێیداهە ڵدەڵی وەکپەرستاربەدەورو بەریادێ ودەچێ - کرمی هاوڕێشم بەلیکاوی زاری پاک وخاوێنی خۆیی کە زۆر جوانیشە و دەم و زاریشی وەک چۆڕی شیرسپیە بە دە وری خۆیدا هیلانە یە کی بێ دە رک و پە نجەرە سازدە کات شتێکی سرنج راکێش ئە مە یە، ئەو ماڵە ی خۆی بە وێنەی هێلکە سازدە کات،کرمی هاوڕێشم، لە نێو هیلانە کە یدا، بە جۆریکی وا دەخەوێ کەخەون بەوەوەدە بینێی، بە ڵکوببێتە، پە روانەو پە پولە و باڵ بگرێو هە ڵفرێ. لە خەودا، باڵ دە ردێنێ و پە رو پۆدە رئە کات و دە بێتە،پەپولە، جائەگەر لەودەم و چاخانە دا لە دەر فەت و خولی خۆیدا. لە خە و هەستێ و بجوڵێ تەوە کە مێک تە کان لە خویدا، زۆر بە ئاسانی دە توانێ (رکە): کە قەفەزو قۆزاخەو پیلەی هاوریشیمینی خۆی کون بکاتو تامی باڵداری و هەڵفرین بچێژێ و برِوا، بە سەر بە سێ و بە مەستی، بچێتە لای لفی خۆیی و ماچیکی پرِ بەدڵی لێوەرگرێو بمرێ، ئەم دنیایە، بەگشت گە لا دارتوەکانییە وەکە لە زەمانی ژینیا مە گیرانی پێی دە کرد، بە میرات بۆنە وەو و نە وەزاکانی، بەجێ بـهێڵێ.بـەلاّم شەوبۆگیان! بەرەی مرۆڤ لەو پەپولە زوتر رادەپەڕن و ئەو قوزاخە و هێلانەبەپەپولە کانە وە، کە وا لە نێویا خەوتون، زۆر بە گرجی هە ڵدە گرنو دەیان خەنەنێومەنجەڵی ئاوی کوڵیوو بەم جۆرە پەپولە کان واتا: «ئەوکرمە هاوڕێشمانە»، دە کوژن و تاڵە هاوڕێشمە، تە نراوە کانیش، کە پێکە وە نوساون نەرم ئە بنەوە.ئە وانەی والە بەرهەم هێنانیهەوڕێشم دا شارەزان سەری هەو داهاوڕێشمە کەئەدۆزنەوە، هەڵی دە کە نە، سەر شتێک، وەک تە شی و شتیوا، خەڵکی دەڵێن: لە هە رهێلانەیە کی، کرمیهاوڕێشما کە پـەپولە کـەی تـێدا خنکـابێو، مـرد بـێو، سوتـابێ، هەزارگەزتاڵی ئاوریشمی لێی پەیا ئە بێو، لەم تاڵە ئاوڕێشمانە، دەسماڵی حەریر و روسەری تۆری و پارچەی ناسک ورِەنگینو شت ومە کی ئاوڕێشمی لێی ساز دە کە نو دە ی تە نن و دەی چنن.

دوباره «شەویار» روده کاتە (شەوبو) وپێی دەڵێ: دوستە خۆشەویستەکەم: ئەگەر بەدەس خۆم بایە کە ببمە جانەوە رێک،تۆلات وایەکامیان بومایە، باشتربو؟ ئایا جولاتە نە بومایە، یان کرمی هاورێشم باشتر بو؟

شەو بۆگیان، من پێم خۆشە، کرمی هاورێشم‌بم؟ وخۆم بسوتێنم وکەڵکم بۆ بەرەی مرۆف بێ وەک شاعیری مەزن «شێخی سەعدی» دەڵێ: و شە پۆلیش کردویە تە کوردی

من ئەو مێرولەم، وا لە بەرپێدا دەم ماڵن

زەرگەتە نیم لە ئیشی چوزەم بناڵن

«شەوبو» گیان! من هە رگیز نامەوێ هە شت پێی بڵێند و، بەند بەندو فەنەر مانەندم هەبێ‌و. لە شوێنی نماوی و. تە رو تاریکا لەکەلێنی درزی‌دارو دیواراو لای تۆتەلاشە داری بن میچا، تۆڕ بتەنم و داو بنێمە وەو بروم لە سوچێکا خۆم وە شێرم و خۆم لە تە ماڵ مات دەم و چاوەنواربم،گیان لەبەران توشی کۆسپ‌و قۆرت بکەم‌و بیان خە مە نێوتە لە و داو، «شە وبو» گیان!: من گەرەکم نییە خورتوم و چوزەی ژەهراویم بەگۆشتی پە لەوە رانی بێزماناکەم، من‌نامەوێ ئیتر خوێنی کەس‌و ناکەس بمژم،من لەم جۆرە خواردنانە بێزارم باوەرکەزۆر بێزارم «شەو بو» گیان!: من ناشمەوێ لەم بارەیشەوە بۆڵەو خوتەیش بە سەرکەساکەم، من نامەوێ وەک «جولاتەنە» وابم تازە لایشم وایە - ئەگەر بشمە وێ وابم ناتوانم و بۆیشم نالوێ وابم کە وابو شەوبۆگیان!: ئە چمە سەر خووخدەی کرمی هاورێشم وەک ئەو چلون؟ بەلیکاوی زاری پاک و خاوێن‌و دە می سپی وبێ لکە قوزاخەو پیلەی هاوریشم ساز دەکات، منیش هیلانە یەک وەک چوزی شیری‌سپی یان - باشتر بڵێم هێلانیەک!وەک دڵی بیگە ردی خۆم، بە دەورو بەری خۆما بچنم، کەوەک قۆزاخەو هێلانەو پیلەی هاوڕێشم هەزارگەز پتر هاوڕێشمی خاوی لێی پەیابێ و لەو نێوهیلانەیەدا بۆی بنوم،ئە رێ؟ «شەو بو» گیان!: واپکەم چاکە، توش‌وات پێێ چاک‌نییە؟ «شەو بو» چاوەڕاستە کەم دەمەوێ خۆم‌وا بکەم خەون ببینم کەوا باڵ و پەڕم دەر کردوەو منیش بومەتە پەپولەی بەهەشت، بە هەشی ئارەزو وەشان بە شانی

١٠٩ - شه پۆل

په‌پوله‌کانی نێو به‌هه‌شت ده‌س ئه‌که‌م به باڵه فڕێ و بەم جۆره خۆم بۆخه‌ونی خۆش‌و شیرین، به‌شیرینی یارمه‌وه که ئازادی‌یه، بۆخوم و بۆگه‌له‌قاره‌مانه کورده که‌م ئه‌بینم.

ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌رنه‌ش توانم له‌ده‌رفه‌تا به خه به‌ر بێم و تکان بخۆم‌و قۆزاخه‌و قه‌فه‌زو هیلانه‌ی ته‌نگ و ته‌نک و تاریکی، هاوڕێشمینی، خۆم کونکون که‌م لێی وه ده‌ر که‌وم نیگه‌ران نیم. چونکا شه‌و بو گیان دنیا هه روانابێ که‌جیگای ژیانی هۆزم کوزکوزو گه‌لیشم بێ هۆش بێت. ڕۆژوباوی ئیمه‌ش دێ. شه‌و بوگیان! هه رئه و نه وائێستا چاوم له به ژن و باڵای تۆ یه و گیانم تیدایه و به ماچی ده‌م و زاری پڕ له پێکه نینی، تۆمه ستم و لێوت به‌قه‌س‌گه‌زتم به‌سمه، جائه‌گه‌ر بشمرم، بیشم سوتینن زۆرم پێی خۆشه، چه‌ن خۆشه به‌و هه‌زار گه‌زه‌تاڵه هاوڕێشمانه وه، ده‌سماڵی تۆری سه رت‌بم. تاله گه‌ڵ تاڵی زوڵفی خاو و بلاوی تۆ تیکلاوبم ئه‌مه‌بو، ده‌مه ته قیێ و بیرو ڕای نێوان شه‌و یارو شه‌و بو[1]، هیواداڕین به دڵتان بێ و که‌ڵکی لێی و ه رگن[2].

## ڕۆسه‌م:

ده‌رمانه تاڵه‌ی، ڕۆسه‌م گۆپاڵ:

ئه‌م باسه‌زورمه‌شهوره‌و گه‌لێ که‌س ده‌ماو ده‌م، باسی ده‌رمانه تاڵه‌ی ڕۆسه‌م گۆپـاڵ بویه‌کتری ده‌گێڕنه‌وه چه‌ن مه‌ته‌ڵ‌و میسالێکیش لەم بابه‌ته‌وه هـه‌یه، کـه‌په‌یوه‌ندی، بـه‌م داستانه‌وه‌یه وه‌ک ئه‌مه، که‌ده‌ڵێن: شا ئه‌ووده‌رمان فرۆشه ده‌ڵێی ڕۆسه‌م گۆپاڵه، له‌به‌ر به تاڵ پایی خۆی هه‌ر دێت‌و ده‌چێ و هیچیشی ده‌سگیرناییێ یان، وه‌ک ئه‌م میساله که ده‌ڵێن: مه گـه‌ر، ده‌رمانه تاڵه‌که‌ی ڕۆسه‌م گۆپاڵ وا زو عه‌قڵ‌و ئاوه‌زی مرۆڤ بینێته‌وه سه‌رجێگه‌ی خـۆی، جاری وایش هه‌یه، به‌ته‌و سوبه‌ته‌شه‌ر ده‌ڵێن: له ده‌رمانه تاڵه‌که‌ی ڕۆسه‌م گۆپاڵ ده‌چێ زور زو عه‌قڵ‌و ئاوه‌زی پیاو چاک ده‌کاته‌وه، زۆرجارانیش له‌بابه‌ت ئه‌وکه‌سانه‌ی‌وا، نایانه‌وێ بچنه‌لای

---

١ - له راستیدا ئه‌م باسه، بیره‌وه‌ریی ساڵانی ١٣٣٣ تا ١٣٣٢ی منه که به فه‌قێ یه‌تیی له‌و ئاوایی یا نه‌دا بوم‌و له نێو ئه‌و گونده قورماویی یانه‌دا، ده‌ژیام‌و خه‌ریکی خوێندن بوم که له‌به‌ر قه‌ره پلیته‌ی ڕوّن گه‌ر چه‌ک ده‌م خویند، چونکا له‌و گوندانه که متر نه‌وت گیرده‌که‌وت (شه پۆل).

٢ - یاد داشته‌کانی شه‌پۆل بۆ به‌شی کوردی رادیو.

خەڵک و لەدیوە خانان نۆکەری یکەن‌و لەبەر ئەم و ئەوا، مل کەج،کەن، بەڵکو دەس ئەدنە کارو کاسپی‌و بەفەقیرو هەژاری‌رایی دەبۆیرن‌و نانی بێ‌مینەت ئەخۆن، دەڵین: مـەگـەر، ڕۆسـەم گۆپاڵ، ئەونەدەس کورت‌و نەدارو بەهیمەت، بوبێت کەلەبەر نە داری خۆیی، چودەسی دایە، دەرمانە تاڵە تابیفرۆشێ‌و ژینی خۆی‌و ماڵ‌و مناڵی لەو، ڕیگەیەوە، دابین کاو ئاتاج و موحتاجی ئەم و ئەو نەبێت.

لە رۆژگارانی کەوناراو هەرەپێشودا پیاوێک هـەبوە، بـەڕۆسەم گۆپـاڵ بەنـاوبانگ بوەدەڵین: ڕۆژێکیان ئەو پیاوە، لە ماڵە خۆیدا توشی قات‌و، قری دەبێ‌و بێ‌پوڵ‌و بێ دراویش زۆری بۆدینێ نایشیەوێ بچێتە دیوەخان‌و لای ئەم و ئەو، مل کچ‌کات‌و نۆکـەری پکـات، هەڵدەسێ، نێوماڵە کەی خۆیان لێک ئەدا، تا بەڵکوشتێک پەیـاکـات‌و بی‌بـاتەشارو بـازارو بیفرۆشێ‌و لەوڕێگەوە خەریکی،کاروکەسبێ بێت و نانێ بوماڵ‌و مناڵە کانی پەیاکات، بەڵام زۆریان کەم دەگەرێ‌هیچی وای دەس ناکەوێ، کەبی کاتەدەسمایەو بی‌بات‌و بـی‌فروشێ، ناچار، چودەسی دایە، دەرمانە تاڵە وخستیەنێو توربنێکەوەو دایی بە شانیاوچوەبازار، ئەزقەزا، لەو دەم‌و چاخەدا یەکێک لەبەگەو مرۆفە مەزنەکان لەبازاراخەریکی سەیرو سەیاحەت‌بو، هاتە نێزیک ڕوسەم گوپاڵ و تەماشایەکی نێوتوربێنەکەی‌کرد، ئەودەرمانە تاڵە وەک‌بەرگی سینای مەکی وابو، بەڵام‌وا ڕەش هەڵگەرابو ولول ببون وتیک ئاڵابون‌ووشک هەڵاتبون نەیی زانی چ‌جۆرە گیایەکە، پرسیاری‌کرد، کوڕە! ئەوە چـیە، دەی فـرۆشی ڕوسـەم گوپـاڵیش وتـی: دەرمانێکی بە قیمەتە! بۆ تونابێ ئەویش‌وتی: کوڕە! هەوەڵ ناوی بێنە، ئینجـا، ئەوقسـانەپکە! ڕوسەم‌گوپاڵیش وتی: قوربان دەرمانێکی سەرسام هێنەرە! هەرکەس بیخوات ئەگەر تەنانەت ئاوەزو عەقڵیشی لەدەس دابێ، دوبارە عەقڵی دەگەرێتەوە بەرخۆیی. ئەومرۆیەیش زۆری لاسەیر بو وتی: دەڵێی هێندێکی لێ بخۆم و تاقی کەمەوە بزانم چلونە؟

ئەویش وتی: قوربان فەرمو هی خۆتانە! مرۆمەزنەکەیش - بەرگێکی لەو دەرمانە تاڵە هەڵگرت، دەت‌گوت: بەرگی گەڵاتاڵوە هەرچی تیێ ڕوانی نەی‌زانی چ‌گیایەکە، برێکی نایەسەر زمانی، کەمێکی چیشت زۆر بەد مەزەبو، کابرالەداخان رویی ترش کردو نێو چاوی گـرژبو

## ١١١ ـ شه پۆل

روی کرده ڕوسەم گوپاڵ وتی: هیچم لیٚ حاڵی نەبو نەمزانی چیە؟ ئەویش وتی: قوربان! جاچبو؟ - بەرگیٚ تریان، دەس دەییٚ، وردی کە وەك «قاوت» بیکە دەم‌و زارت بیخۆ، بزانە تام‌و مەزەیی چیە؟ بزانە مزرە، تاڵە، ترشە، سوٚیرە، خۆکە کرەو کلکە مارنییە لەبەر تاڵی وەك ژهەری مار بتکوژیٚ.مرۆڤ‌مەزنەکەیش، دەسی برد، بەرگێکی دیگەی لەو دەرمانە تاڵە دەرهێناو لەسەر لەپی دەسی وردی کردو هەڵیی پڕواند وکردی‌یە زاری‌و خواردی، ئینجا روی کردەڕوسەم گۆپاڵ پیی وت: بەخودا قەسەم، زۆر بیٚ‌تام‌و ناخۆش بو، نەمزانی چیە وچ تامێك ئەدا لە بەر بیٚ مەزەیی، نەمزانی مەزەی چی ئەدا - ؟! ڕوسەم گوپاڵ، تکای لێی کرد، تا بەرگ‌و گەلایەکی دیکە هەڵگریٚ و بیخوات بەڵکو، هەڵیدا بزانیٚ چیە؟ - پیاوە مەزنەکەیش بەرگیٚ تری هەڵگرت‌و وردوردی کردو خواردی لەپاشان روی کردەروسەم وتی: وانێکە! توٚبڵییٚ! - ئەوگیایەیەوا، دەی‌کەنە، ناو پڕپوڵەو لەدەم و چاخی بەهارانا، بنەماڵە، لادیٚیەکان‌و خەڵکی بۆ سەرما بون دەی‌خون. ڕوسەم گۆپاڵ لەوەلاما وتی: وایە زۆرچاك زانیت چون دیتی کابرا تورەو گرژە، وتی‌بابم تورەمەبە! بۆچ‌وا گرژبوی، ئاخرمن بە توٚم وت: توعەقڵ‌و ئاوەز لە کەللەت پەڕی بو، دوجار، تاقیت کردوە، نەتزانی هەڵیدەی جاری سێهەم کاتیٚ جوان جاویت عەقڵ و ئاوەزت هاتەوە بەر خۆ و زانیت هەڵیدەیی ئافەرین هەزار ئافەرین - پیاوە مەزنە کەیش دەسی برد کردی بە گیرفانیا، لیرەیەکی زیرّی بۆدەرهێناوپێی‌دا، وتی: ئەمە قیمەتی ئەودەرمانەیە وامن خواردم، بەلاٚم جاریٚ‌تر شتی‌واهەرزان بایی‌و بیٚ برەوٚ مەهێنەبازار ئەویش‌وتی: قوربان، زۆریش هەرزان بایی نەبو، بەلاٚم زۆر باشە، بە قسەت ئەکەم ئەگەربم بێت، بیٚ دەسمایە، ئینسان هەر ئەونەی وەگیر دەکە ویٚ،خودا بازاریان بدات. ئەم چیروکەهی بەرەی مروٚڤە.[1]

---

١ - واژەی، (تور)؟ لەماك‌وبنەرەتا بەمانای هوٚز یا مروٚڤی زۆردار، چوست‌و چالاك‌و. توندو سوارچاك ونەبەزە لەپاش ئەوەی ئەوتیرەیە کەبە تورە ناوداربو لەناو چوونەما، مانای دێوانە و وەحشیان لێنان، سرنج راکیشە ئەم واژە لەزمانی کوردییا هەیە و ئەڵێن: پیاوێکی تورەیە. تورە: لەدوواژە سازبوە، ١ - (تور) ٢ - (ە)ی نیسبەت.لە کوردییابە مانای تون خو، ئالۆز، قوشقی، کەللەیی، زویر، هەڵچون‌وکە فوکولّ، تورەو قەڵس‌بەکاردیٚ‌کەسانێك کە خویان باش نە بێت پیان ئەڵێن: تورە... ئەفسانەهای کوردی وەرگەراوەی کە شاوەرز بوٚفارسی،کورتە چیروٚك بوٚ بەشی کوردی رادیو (شەپوٚل).

## ئەحمەد پاشا

ئەم چیرۆکە، یەکێکەلەو، بەیت و باوانەی وا خەڵك دەماو دەم بویەکتری ئەگێڕنەوەو لەناو کوردەواریدا زۆریش باوەو تائێستاماوە، وئێمەش بۆئێوەی بەڕێزی ئەگێرینەوە، دەڵێن: ڕۆژیکیان کچی ئەحمەد پاشا، بۆسەیرو سەیاحەت ڕو دەکاتە سەیرانگا یەك ودەچێتە دەرو دەشت ولەکاتی گەڕانەوەی دا لەسەر، ڕێگە، تەماشای کرد، وامنداڵێکی بەرمەمکانەو ساوا، لەسەرئەو ڕیگەیە، کەوتوە، دڵی بەومنداڵە سوتاو بەکارەکەرەکانی خۆیی وت: ئاتۆ خودا هەڵی گرن و بیهێننەوە بۆماڵێ، لام وایە، بێکەس و کارە، ئێمەخۆمان گەورەی دەکەین، بەڵی ئەم مناڵەیان بردەوەبۆماڵێ تەماشایان کرد، دیتیان کوڕە! پاشا کوڕیکی هەبو وئەمیشی کردەکوڕی خۆیی.

ئەم دوکوڕە گەورەبون، دەگیڕنەوە، ساڵێکیان، پاشاتەدارەکی بەست و خۆیی سازکرد و چو بو زیارەتی ماڵی خوداو چوەمەکەی موعەزەمە خێزان و کوڕەکەی خۆیی لەتەك خۆیا برد بوە،مەککە،بەڵام کچەکەی و ئەوکوڕەی وا دۆزی بویانەوە و ناویان نابو (چەتون) لەماڵێ بەجێی هیشتن.ڕۆژیکیان چەتون دەچێتەناوشار، بۆ سەیران، کوت و پڕ لەنێو کولا نیكدا پیرێ توشی ئەبێ وپێی ئەڵێ: (چەتون) تۆبوچی کچی پاشا بۆخوت ناخوازی، خۆئەو خوشکی ڕاستەقینەی تۆنییەو پاشایش لەڕاسییا، باوکی تۆنییە، ئەوان تۆیان لە سەر، ڕێگە دوزی‌وەتەوەوتۆیان، بەخێو کردوە بڕۆ کچی پاشا بێنە کاتێ ببیتە زاوای پاشا ئەبیتە خاوەن ماڵ و دارایی پاشا! (چەتون) گەڕاوەماڵێ و سەری خستە سەر کچی پاشاو دەسی کرد، بە شۆخی کردن و گاڵتەکردن، لەگەڵ کەنیشکی پاشادا، کچی پاشا وتی: ئاخر تۆ برای منی!

(چەتون) وتی: ئافرەت کێی ئەمەی بەتۆوتوە! باوەڕکە من برای تۆنیم، منیان، لەسەر، ڕێگە دۆزی وەتەوە، من هەتیوی سەر ڕێگەم!

کچی پاشاکاتێ، تێگەیی کەوا (چەتون) بەراستی یەتی و وازی لێی ناهینێ، ڕۆژیکیان ڕقی هەستاو دەستی دایە پارچە ئاسنێك وکوتای بەناو سەری (چەتونا، چەتون کاس و هێڕ بو وسەری شکا هەر جۆریكبو، خۆیی گەیاندەحەکیم و پزیشك سەریان دەرمان کرد، لەوکاتەدا، قاوکەوتە نیوشار واشالە سەفەری حەج دەگەڕێتەوە (چەتون) خۆی سازکرد و چوە

## ۱۱۳ - شه پۆل

پێشوازی شاوپێی وت: کچی تۆ، خەریکبو، کاروبارێک ڕەچاوکات، کەلەو نەدە وە شاوەو - شیاوی‌ماڵی ئێوەنەبو، کەئەوتوخنی ئەو کارانە کەوێ، منیش ناچار بوم دەس بێنم. ئەویش لە بەرئەمە ڕقی لەمن هەڵگرتبو، و لەدەرفەتا، لەمنی داوسەری شکاندم.

پاتشاتوڕەبو، چاوپەڕی‌یە پشت سەری، بە کوڕەکەی خۆیی وت: لەپێشەوە بڕو، ئەو ئافرەتەی خوشکت بکوژە! با من نەی بینم!

کوڕی پاتشا لەپێشەوەبەراکردن ڕۆیی و خۆیی گەیاندە ماڵێ زۆر بەلەز، دەسی خوشکی گرت‌و بردیە نێو جەنگەڵو دارستان تاکو بیکوژێ، کچەکە، لە دەرفەتێکا، خۆی لەدەسی راتلەکاندو خۆی ڕزگارکرد و بەلەز خۆیی دەر بازکرد، ئەو شەوە زۆر بە تاڵوکە، هەربەتەقلەدەو، بەونێودارسانەدا رۆیی تا بەیان بەری داودۆست‌و دوشمن لە یەکتری جۆی دەکرایەوە، کچەکە بیرلە خۆیی ئەکاتەوەوئەبێژی: وادیارە نامرۆ، زۆرن، نەکو بەلایەکم بەسەربێنن! چکار بکەم!؟ لەو دەمە دا سەری بەرز کردەوە، ڕوانی وا چاوەکانییەک، ئاوێکی لێهەڵدەقوڵێ وەک: چاوی قرژاڵ وایەو دارێکی جوان‌و بەرزیش لەو دەم کانییەشین‌بوە وچوە بەعاسمانا، ئەو کچە چو لەو ئاوە ساردو زولاڵە تێری خواردەوەو لە پاشان، بەقەد، دارەکەدا هەڵگەڕاو لەنێودو لەقانەیەکدا لە نێو گەڵاو بەرگی، ئەو دارە دا خۆیی شاردەوە، دەگێڕنەوە، لەو ڕۆژەدا کوڕی میری عەرەبان، لەوجە نگەڵەدائەبێ وخەریکی راو و شکاربوە بەدم‌راو وشکارەوەدەگاتە سەرئەو کانییەتەما شادەکات واوێنەی کچێک لەنێو ئاوەکە دا، بەسەر دارەکەوە دیارە، سەرسام دەبێ‌و تەماشایی ئەم‌لاو لای خۆیی‌دەکات واکچێک‌لە نێو لق و پۆپی، ئەو دارەدا خۆیی بزر کردوە و خۆیی شارد وەتەوە، کچەکەی لەدار هێنا خواری‌و سواری ئەسپەکەی خۆیی کردو بردیەوە بۆ ماڵێ، و لەخویی مارەکرد، چەن ساڵێک ئەو کچە لەماڵی میری‌عەرەبان‌دایە سەڕو دوکوڕی لەکوڕی میربو، بەلام لەو ماوەیەدا قسەیەک بەزاری‌یا رانەبورد، کوڕی میر واپێ دەزانێ، کە خێزانی لاڵە! ڕۆژیکیان کوڕی میر لە نێو شارا توشی پیرێژنێک بو لە گەڵیا کەوتە وت‌و وێژو وتی: ژنێکم گیرکەوتوە، چ عەیبی نییە، بەلام لاڵە. پیرێ ژن وتی: لام وایە لاڵ نەبێ، تۆ تاقی کەوە! دوسێو بکڕە، یەکیکیان سورو ئەوی تریان کاڵ ونەگەییو بێت و بڕو بیدە بەکوڕەکانت‌و تۆیش دەرکەوەو لەپشت ڕێسمەی

درگاخۆت‌بگرە، بزانە کوڕە کانت لەسەر سێوە کان، بەشەڕدێن وە لەو دەمانەدا خێزانت وە قسان نایەت؟

کوڕی میریش بەقسەی‌کرد، لەو دەمەدا والە پشت ڕیسمەی درگا خوی گربتو، کوڕە کانی لەسەر سێوە کان‌بو بەشەڕیان دایکیشیان ناراحەت بووو‌تی:

باوکتان خێرنەبینێ، تەماشاچۆن، نەی توانیوە دوسێوی وە ک یە ک بکرێ و بتان داتێ، تانەبێتە شەڕتان، تۆ تەماشا بە یە کتان سێوی لاسوروبە یە کتان سێوی کاڵ‌وکرچ‌و نە گەییوی داوە! لەوکاتەداشوە کەی چوە ژوژێ وتی:

ئافرەت! تۆ بۆچی ئائێستا قسەت نەدە کرد، من لام وابو خوانە خواستە تو لاڵی!

خێزانی لەوەڵاماوتی: چون: ئەگەر قسەم بکردایە، پرسیارت دە کرد کچی کێی! و لە چبنە ماڵە یە کی؟ و بەباوە خۆینی منت ئەبردەوە بۆ ماڵی بابم، چون خۆت ئەزانی لە کوردەواریدا باوە، دوایی شوکردن و گۆیستنەوە، کچ باوهە خۆین دە کەن یانی: یە ک دومانگ پاش گۆیستنەوە، دەبێ کچ لە ماڵە مێردەوە بچێتەوە، ماڵە باوان و دیاری و شتیوایش لە ماڵی باوان وەرگرێ وبگەڕێتەوە، بۆ ماڵی مێردە کەی وبەم داب‌و دەستورانە دەڵێن: «باوە خۆین».

کوڕی میری عەرەبان وتی: - جا چبو؟ - بڵێی بزانم کچی کێی‌ی؟ ئافرەتە کەیش وتی: من‌کچی ئەحمەد پاشام کوڕی میری عەرەبان وتی:

چەن چاک بو واتو کچەپاشای، هەر سۆزی دیاری‌و شیتوات بۆ ساز دە کەم تا بە خێرو خۆشییەوە، بچییەوەو چاوت بەدایک وبابت بکەوێ.

بۆسۆزییا خێزانی ساز کردو وەزیری خۆی و چل‌سواری سواریشی لە گەڵ خست‌و بەرەو ماڵە باوان بەڕێ‌خستن. یە ک دومە منزڵ ڕۆییشتن، شەوێک لەشوێنێکا بارگەیان خست تاپشو یە ک‌بدەن.

وەزیر، بە سوارە کانی وت ئەزانم ئێوە زۆرشە کەت‌و ماندون! بڕۆن بنون، من خۆم کێشک دە کێشم!

وەزیر کاتێ شەو زڕنگاوە وتێگەیی وا هەموسوارە کان نوستون ولەشیرین خەودان، وەزیر: بێ‌خشپەو چرپە هەستاو خۆیی کرد بە تاوڵ‌و هۆدەی خێزانی کوڕی میری عەرەبان‌دا